# ئەرکە نوێکان

دەقی پەیامی هەڤاڵ مام جەلال
بەبۆنەی 26 هەمین ساڵەی دامەزراندنی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان

CamScanner

# ئەركە نوێکان

دەقی پەیامی هەڤاڵ مام جەلال

بەبۆنەی (٢٩)هەمین ساڵەی دامەزراندنی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

CamScanner

ئەركە نوێكان: هەڤاڵ مام جەلال
نەخشەسازی: عومەر حسێن ئەحمەد
بەرگ: مەحموود خۆشناو
سەرپەرشتی چاپ: كرمانج محەمەد موراد
تیراژ: ٥٠٠٠دانە

چاپی یەكەم- ٢٠٠٤
سەرپەرشتیاری گشتی چاپەمەنییەكان
فەرید زامدار

لەبڵاوكراوەكانی
مەكتەبی ناوەندی راگەیاندنی
یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان

## لە پەیامێکیدا بەبۆنەی یادی ٢٩ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە

# مام جەلال:

پێمانوایە لەحکومەتی کاتیدا، بەشی کورد بەتەواوی نەدراوە، بەڵام لەسەر ئەوە دەست لەدەستکەوتە گەورەکان و هاوپەیمانییە گرنگەکان هەڵناگرین

هەرکەسێك واتێبگات ئێمە هاونیشتمانیی دەرەجە دووین، وەبەزۆری زۆردار لکێنراوین بەعیراقەوە، ئەوە لەبنەڕەتەوە یەکێتیی عیراق هەڵدەتەکێنێتەوە

یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان
پێویستە چاوێكی جدی بەخۆیدا بخشێنێتەوە،
ڕێكخستنەكانی نوێبكاتەوەو سازییدات،
خوێنی تازەیان تێبگێڕێت، ڕووبكاتە لاوان و
ژنانی كوردستان، زیاتر لەجاران بایەخیان
پێبدات و چاكتر دەستیان بگرێت
بۆ بەدیهێنانی ئاواتەكانیان

هێزی پێشمەرگەی كوردستان هەروەكو توانیی
بەماوەیەكی كەم كەركوك رزگار بكات، ئاوهاش
دەتوانێت ئاشتی و ئاسایش بۆ كوردو توركمان و
عەرەبی رەسەن دابین بكات و نەیەڵێت ئەم شارە
ببێتــە مەیدانی تیرۆریستە كوردكوژە خائینەكان

رۆژی ٢٠٠٤/٦/١ بە بۆنەی (٢٩) ساڵەی دامەزراندنی (ی.ن.ك) هەڤاڵ مام جەلال پەیامێکی نوێو گرنگی ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو کادیرو ئەندامانی (ی.ن.ك) کرد بەتایبەتی یاد کردنەوەی ئەم ساڵ جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ یادەکانی ساڵانی رابردوو هەبوو بەهۆی ئەو گۆرانکاریە نوێیانەی ئەم ساڵ لەگۆرەپانی عیراق بەگشتیو گۆرەپانی کوردستان بەتایبەتی روویاندا، دوای نەمانو رووخانی دیکتاتۆریەتو ئازادکردنی عیراقو پێکهێنانی حکومەتی کاتی عیراق .

هەڤاڵ مام جەلال ئەرکو خەباتی نوێی بۆ دامو دەزگاکانی سەر بە (ی.ن.ك) و ئەندامانی لەسەر هەموو ئاستەکاندا دیاری کردو داوای لێکردن جۆرو

شێوازی خەباتیان لەقۆناغی دوای (صدام حسین) نوێ بکەنەوەو بەگوڕو تینێکی نوێخوازانەوە ئەرکەکانیان جێ بەجێ بکەن .

بەهۆی گرنگی پەیامەکەی هەڤاڵ مام جەلال بەپێویستمان زانی دەقی پەیامەکەی لەو نامیلکەیەدا بلاو بکەینەوە وەك بەڵگەنامەیەکی سیاسی (ی.ن.ك).

مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن

(ی.ن.ك)

٢٠٠٤/٧/١

لەبیرەوەری دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، پیرۆزباییەکی گەرم لەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کەسوکاری شەهیدە سەربەرزو نەمرەکانی خۆمان دەکەم، بەخۆشی و سەربەرزییەوە دەتوانم پێیان بڵێم کەخوێنی گەشی شەهیدەکانیان بەفیڕۆنەچوو، بەڵکو داری ئەم ئازادییەی بۆ ئاوداین کەئەمڕۆ لەژێر سێبەریا دەحەسێینەوە، کە بۆ یەکەمجارە لەمێژووی گەلەکەماندا هەموو کوردستانی عیراق رزگارە چ ئەوەی لەدەستی ئیقلیمی کوردستاندایە یان ئەوەی لەدەرەوەی ئیقلیمدایە، جارێ لەدەرەوە ماوەتەوە، بەڵام لەلایەن ڕۆڵەکانی

خەڵکی کوردستانەوە حوکمڕانی دەکرێت، بۆ یەکەمجارە لەدیکتاتۆریەتی ڕەشی شێوە فاشیستی بەغدا ڕزگارمان بووە، دەزگا داپلۆسێنەرەکان تەفروتونا بوونەو نەماون، سیاسەتو شەڕی پاکتاوی ڕەگەزی تێکشکاوەو بۆ یەکەمجارە ئەم ڕاستییەمان بۆ سەلمێنراوە کەخەڵکی کوردستان خۆیان حەقی حوکمڕانی خۆیانیان هەیە بەشێوەی فیدرالی، هەم لەلایەن قانونی عیراقییەوەو لەلایەن مەجلیسی حوکمی عیراقییەوە پەسەندکراوەو هەم لەلایەن هاوپەیمانانەوە، جگەلەوە بۆ یەکەمجارە بۆمان سەلمێنراوە کەحکومەتی هەرێمی کوردستان بەپەرلەمانو

دەزگای قەزائییەوە حکومەتی شەرعی خەڵکی کوردستانە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزی پارێزەرو هێزی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستانەو میلیشیا نییە، بۆ یەکەمجارە گەلی کوردستان هەر چیا سەربەرزەکانی کوردستان پشتوپەنایان نین، بەڵکو گەلێك هێزو دەوڵەتیش ئەمڕۆ مافە رەواکانی دەسەلمێنن، ئەم سەرکەوتنانە بەخوێنی گەشی شەهیدان و بەدەستپێشکەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێداو بەهاوبەشی هەموو هێزە سیاسییەکانی تێکۆشەرو شۆڕشگێری کوردستان هاتووەتەدی، بۆیە یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستان بۆی هەیە ئەمڕۆ شانازی بەوەبکات کەوا خەباتەکەی بەری هەبووەو خوێنی گەشی شەهیدەکانی خۆی بەفیڕۆنەداوە، وا بزانم یەکەمجارە لەمێژووی گەلەکەماندا هێزێکی سیاسیی دەتوانێت بەسەربەرزی بێتە کایەکەوەو بڵێ ئەنجامەکەم سەرکەوتن بووە، پێش ئێمە زۆر تێکۆشەرو سەرکردەی ئازاو دلێر لەناو کورددا هەڵکەوتوون هەزاران هەزار رۆڵەی خەڵکی کوردستان گیانی پاکیان بەخت کردووە لەرێگەی رزگاریی کوردستاندا، بەڵام بەداخەوە، هەلومەرجی بابەتیی و تایبەتی رێگەی نەداون بەئەنجامەکانی بگەن، ئەمڕۆ

لەم سەردەمەدا پێویستی بەوە هەیە کەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەدەستپێشکەرییەکی‌تر بنوێنێ، هەروەك چۆن شۆڕشی کوردستانی هەڵگیرساندەوە بەناوی شۆڕشی دیموکراتی عیراق لەچیاکانی کوردستانەوە ئاوهاش پێویستە لەعیراقدا دەورێکی دەستپێشکەریی ببینێ بۆ یەکخستنی هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازو ئیسلامییە واقیعبینەکان بۆئەوەی بتوانین ئەم تاقیکردنەوەیەی رزگاربوونی عیراقیش بەئەنجام بگەیەنین، سەریخەین، بتوانین کەنەك هەر ئاسەواری دیکتاتۆری رامالین، بەڵکو عیراقێکی نوێ،

عیراقێکی جەمهوری، دیموکرات، فیدرال، یەکگرتوو و سەربەخۆ بهێنینە کایەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەتوانێت دەورێکی گرنگ ببینێت سەبارەت بەوەی کە دۆستایەتی لەگەڵ هەموو هێزەکانی عیراقی هەیە، لەگەڵ هەموو بەشەکانی کۆمەڵانی خەڵکی عیراق هەیە، لەگەڵ برا شیعەکان، لەگەڵ برا سوننەکان، لەگەڵ علمانییەکان، لەگەڵ هێزە دیموکراتەکان، لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان، لەگەڵ هەموویان دۆستایەتی و هاوخەباتی هەیە، بۆیە پێویستە شانبەشانی تێکۆشەرانیتر بەتایبەتی پارتی دیموکراتی

کوردستان ئەم پەیوەندییە بەکاربێنن بۆ چەسپاندنی مافەکانی خەڵکی کوردستان، هەروەها بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی هەموو خەڵکی عیراق.

ئێمە زۆرجار دەڵێین کەداخوازییەکانمان راستە سەلمێنراوە، بەلاّم هێشتا بەشێوەی دەلەمە ماوەتەوە، پێم وایە هەتا ئەو رۆژەی لەدەستووری عیراقدا دەچەسپێت، تا ئەو رۆژەی کەدەستورێکی دیموکراتو پێشکەوتنخوازو مۆدێرنو فیدرالو یەکگرتوو دێتەکایە کەبەشی هەرە زۆری کۆمەلاّنی خەڵکی عیراق بەکوردو عەرەبو تورکمانو ئاسوریو سوننەو شیعەوە لێی رازی بن، تا

ئەو رۆژەی کەهەموو مافەکانی گەلی عیراقیش؛ سەربەستییە دیموکراتییەکان، سەربەستییە تایبەتییەکان، سەربەستییە گشتییەکان دەسەلمێنرێن، لەم دەستورەدا دەبێ بڵێین هێشتا داخوازییەکانمان، ئامانجەکانمان بەتەواوی نەچەسپاوە، کۆمەلانی خەڵکی کوردستان خەباتێکی دوورودرێژیان کردووە، لە ٢٩ ساڵی رابردووشدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەریزی پێشەوەی ئەو خەباتە بووە، ئێستاش خەباتێکی تریان لەپێشە، خەباتی دامەزراندنەوەی عیراقێکی نوێ، عیراقی دیموکرات، فیدرال و پێشکەوتنخواز، کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەئارەزووی

خۆیان بەبڕیاری پەرلەمانی خۆیان فیدرالییان هەڵبژارد بۆ شێوەی هاوکاری لەگەڵ برا عەرەبەکانیان و پێکەوەژیان لەگەڵ گەلی برای عەرەب لەعیراقدا، بەڵام ئەم راستییە نابێ ئەوەمان لێ بشارێتەوە کەخەڵکی کوردستان وەك هەموو خەڵکەکانی‌تری دنیا مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان هەیە، خەڵکی کوردستان وەکو هەموو گەلانی دنیا مافی چارەی خۆنووسینیان هەیەو بەپێی ئەو مافە بوو کەپەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا کە یەککگرتنێکی بەئارەزوو، یەککگرتنێکی بەسەربەستی لەگەڵ برا عەرەب و تورکمان و ئاشوورییەکان و کلدانییەکان لەعیراق بەدی

بێنێت، ئەم یەکێتییەی عیراق نوێیە پێویستە بۆ ئەوەی بژیەت و بسەلمێت و بمێنێت و بخەملێت لەسەر چوار کۆڵەگەی ئەساسی دابمەزرێت، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، فیدرالی، حەقی وەك یەکی نیشتمانیی لەم ولاتەدا، لەم ولاتەدا نابێ چیتر ستەمی میللی، زوڵم و زۆری تایەفی و شێوەکانی جیاجیای دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندن، ماوەیان پێبدرێت و بێنەوەکایە، بەپێچەوانەوە پێویستە رێ خۆشبکرێت بۆ ئەوپەڕی دیموکراسی و ئازادی لەعیراقدا. لەم قۆناغەدا کەنزیك دەبینەوە لەسەندنەوەی سەربەستی و سەروەری بۆ خەڵکی عیراق، نزیك دەبینەوە

لەدوایـیـهێنان بـەداگیرکردن کەبەداخـەوە رزگارکردنیـان کـرد بـە داگـیرکردن بـەبڕیاری (١٤٨٣)ی ئەنجومـەنی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتووەکان، ئا لـەم کاتـەدا دیسان ئـەرك و پێویسـتییەکانی سەرشـانمان هـی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، هـی حزبـە سیاسییەکانی‌تری کوردستان زۆرترو گرنگتر دەبێـت، پێویسـتە هـەوڵ بدەیـن بەهـەموو تواناکانـەوە بـۆ سەرخسـتنی پرۆسـەی وەرگرتنـەوەی سـەروەری و سـەربەخۆیی بـۆ عیراق، بێگومان لەم خەباتەشدا وەك لەخەبات لـەپێناوی دانـانی قـانونی ئیـدارەی وڵاتیـش نـاتوانین هـەموو ئامانجـەکانی خۆمـانیش

بێنینەدی، بەڵکو لەم هەلومەرجانەدا ئێمە سووردەبین لەسەر شتە ئەساسییەکان، لەسەر مافە نەتەوەییەکان، لەسەر چەسپاندنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان زیاتر لەگوێدان بەمەنسەب و پۆست و وەزارەت و ئەو شتانەی‌تر، بەڵام دیسان بەو مانایە نییە کەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێبەش بکرێن لەحەقی ڕەوای خۆیان، ئێمە فەریقی کوردی لەئەنجومەنی حوکمڕانی عیراق، بەپێی توانا و بەرەچاوکردنی هەلومەرجی دژواری عیراق هەوڵێکی زۆرمان داوە و دەشی دەین بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بێبەش نەبن بەتایبەتی لەسەرەتای دامەزراندنەوەی

حوكمی نوێدا ئەم راستییانە دەبێ تەسبیت بکرێ کەعیراق دوو گەلی تێدا دەژی گەلی کوردو گەلی عەرەب لەگەڵ چەند قەومییەتێکی‌تر وەکو قەومییەتی ئاشووری‌و تورکمان، بەڵام وەکیەکی بەینی کوردو عەرەب لەهەموو پۆستەکاندا دەبێ رەچاو بکرێت‌و گەلی کورد بەهیچ شێوەیەك قەبوڵ ناکات بەدەرجە دوو دابنرێت یان بگوترێ هەموو ئەم پۆستانە بۆ عەرەبەو ئەم پۆستانەی‌تر بۆ کوردە، ئەمجۆرە بیرکردنەوە شۆڤێنییانە بەهیچ شێوەیەك قابیلی قەبوڵ نییە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەم قۆناغەدا ئەهەممیەتی

یەکپریزی دەزانن بۆ بەرەوپێشچوون بۆ
سەندنەوەی سەروەری و سەربەخۆیی و
زەمینەخۆشکردن بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد
کەتێیدا ئەنجومەنێکی نیشتمانیی بێتە
کایەوەو دەستووری نوێ دابنرێت و
سەرلەنوێ عیراق بەشێوەیەکی نوێ
دابرێژرێتەوە، لەم بوارەدا دەمەوێ چەند
راستییەك هەیە بەراشکاوی بەخەڵکی
کۆمەڵانی کوردستانی رابگەیەنم. هاوپەیمانان
لە بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی خەڵکی
عیراقدا جار هەیە تووشی دووچاری ناواقیع
بینی و هەندێك هەلومەرج دێن کەهەندێك شت
دەڵێن بەملی ئێمەومانان نییە، یاخود جاری

وا هەیە لەسەر دانانی چەند پۆستو چەند کاربەدەستێك بیروڕامان وەكو یەك نابێت، ئێمە هەمیشە لەسەر راستییەکان سووربووینە، هەمیشە داوا رەواکانی میللەتەکەی خۆمان دووپاتکردووەتەوە، ئەم راستییەشمان لەبەرچاو بووە کە لەسەر هەندێ شتی کاتی ئەو نێوانو پەیوەندییەی هەمانە لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا تێکی نەدەین، بەڵکو بیپارێزین، چونکە ئەوە بەشەرتێك لەشەرتەکانی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆمان دادەنرێ، ئێمە بۆ بەدیهێنانی هەموو ئاواتو ئامانجەکانمان بۆ چەسپاندنی مافە رەواکانمان لەدەستووری داهاتووی عیراقدا

چەند شەرتێکی گەورەمان لەپێشە، دەبێت بیانهێنینە دی. یەکەم شەرت خۆسازدانە، سازدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، سازدانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانە، سازدانی هەموو حزب و گروپەکانە، سازدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

دووەم شەرت پاراستنی یەکێتیی ریزەکانی خەڵکی کوردستانە، پاراستنی یەکێتی ریزەکانی حزبە سیاسییەکانە بەتایبەتی یەکێتی و هاوپەیمانی ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەبێ ئەوە بەبێ یەکێتی ریزەکانی

خەڵکی کوردستان، ئێمە ناتوانین دڵنیابین لەوەی کەهەموو ئاواتەکانمان و ئامانجەکانمان دێتەدی و لەدەستووری داهاتووی عیراق دەچەسپێنرێت، ئەم راستییانە ئەهەمیەتێکی زۆریان هەیە بۆیە پێویستە بیخەینە هەوراز دەستکەوتی تایبەتی حزبی یان ئیقلیمی یان ناوچەیی.

شەرتێکی تری سەرکەوتنمان بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانمان پاراستنی ئەو هاوپەیمانییەیە کە لەگەڵ هێزەکانی گەلی عیراق هەمان بووەو هەمانە. بەتایبەتی ئەو هاوپەیمانییەی کە لەگەڵ هێزە دیموکراتەکان، لەگەڵ هێزی برا شیعەکان، لەگەڵ هێزی برا

عەرەبە سوننەکان، لەگەڵ هێزەکانی تری خەڵکی عیراق، کەئێمە لەدێرزەمانەوە هەموو جۆرە هاوکاریو هەماهەنگییەکمان لەبەیندا هەبووە.

شەرتێکی تری گرنگ پاراستنی هاوکاریو دۆستایەتییە لەگەڵ هاوپەیمانان، بۆ یەکەمجارە لەمێژووی گەلەکەماندا هێزی گەورەی دنیا مافە رەواکانی گەلەکەمان دەسەلمێنن، مافە رەوا ئەساسییەکان، جار هەیە هەندێ کەس وا تێدەگەن کە لەسەر شتەکانی کاتیی، ئێمە لازمە بیگەیەنینە مریشکە رەشێ، ئەمە کورتبینییە، با ئێمە مەسەلەیەك بێنینەوە، ئایا سەلماندنی مافی

فیدرال لەچوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتی یەکگرتوودا، بەئیمزای مەجلیسی حوکم و بەئیمزای حاکمی ئەو وڵاتەو بەئیمزای هاوپەیمانان، ئەوە گرنگترە بۆ میللەتی کورد یان پۆستی فلان وەزارەت لەگەڵ فلان وەزارەتی‌تر. کەئەویش بۆ شتێکی کاتییە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە. یان مەسەلەن ئەم راستییە لەبیرنەکەین کەبەبێ ئەو هاوپەیمانی و هاریکارییە نەماندەتوانی لەو دوژمنە سەرسەختە رزگاربین. ئەو رزگارییەی بۆ ئێمە هاتۆتە دی نرخەکانی گەلێك زۆرترە لەوەی کە لەسەر پۆستی فلان وەزارەت یان لەسەر فلان هەڵوێستی سانەوی لەگەڵیان

بگەینە مریشکە رەشێ. دەستکەوتەکان گەلێک گەورەن، خەونی شەوان بوو کەبتوانین ئێمە ئەو هەموو ئامانجەمان بێتەدیو لەدیکتاتۆر رزگارمان بێت، کوردستانەکەمان رزگاری بێت، مافی فیدرال بسەلمێندرێت، هێزی پێشمەرگەمان هەبێت، حکومەتەکانی خۆمان بەحکومەتی شەرعی دابنرێت، ئەمە شتە ئەساسییەکانن.

زۆرجار هەندێک لە لاوە خوێن گەرمەکان ئەم راستییانەیان لەبیردەچێتەوەو تەنها ئەو شتە کاتییە دەبینن کە لەبەرچاوە. ئێمە لەبەرئەوە ئەمجارەش لەدانانی ئەو حکومەتی کاتییە بۆ شەش حەوت مانگی داهاتوو،

پێمانوایە بەشی کورد بەتەواوی نەدراوە، بەڵام لەسەر ئەوەی کەبەشی کورد بەتەواوی نەدراوە، دەستهەڵناگرین لەدەستکەوتە گەورەکان و لەهاوپەیمانییە گرنگەکان و لەرەچاوکردنی شتە گرنگەکان کە بەدەستمان هاتووە.

بۆیە ئێمە دەزانین ئەمڕۆ سووربوون لەسەر مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان، چەسپاندنی مافە رەواکانمان، مافەکانی دیموکراتی و نیشتمانی، ئەمە ئەرکی ئەساسییە، ئەوانی تریش حەقی خۆمانە دەستمان بکەوێت. بەڵام هی ئەوە نییە لەگەڵ کەس بیگەیەنینە مریشکە رەشێ.

ئێمە خەباتی خۆمان دەبێ بۆ ئەوە بکەین لەدەستوری داهاتوودا مافەکانمان بەڕوونی و بەئاشکرایی بچەسپێت، پێویستە هەموو کەس ئەو راستییە بزانێت کەخەڵکی کوردستان، گەلی کوردستان وەکو هەموو گەلانی دیکەی دنیا مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، بەڕەچاوکردنی ئەم مافە ژیانی لەچوارچێوەی عیراقدا هەڵبژاردووە لەگەڵ برا عەرەبەکان و کۆمەڵانی تری خەڵکی عیراق.

هەر کەسێك ئەم راستییە لەبیربکات و واتێبگات ئێمە هەتا هاونیشمانیی دەرەجە دووین، وەبەزۆری زۆردار لکێنراوین بەعیراقەوە، ئەوە لەبنەڕەتەوە یەکێتیی عیراق

هەڵدەتەکێنێتەوە، دەبێتە سەبەبی تێکدانی یەکێتیی ریزەکانی خەڵکی عیراق و هەڵتەکاندنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی عیراق.

ئەو زەمانە رۆیشت، بەسەرچوو کەوا خەڵکی کوردستان بێبەش بکرێت لەمافە رەواکانی خۆی، ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان لەعیراقی نوێدا هێزێکی رێك وپێکی یەککگرتووی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی هاوچەرخە، کە لەگەڵ هەموو هێزەکانیتر دۆست و تەبایە، چ کەس، چ هێزێك نییە وەکو هێزەکانی خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ لەعیراقدا لەگەڵ هەموو لایەك دۆست و تەبابێت و پەیوەندی باشی هەبێت، لەگەڵ هەموو تایفەو

نەتەوەو هێزو حزبە سیاسییەکاندا. ئەم راستییە دەری دەخات کەدەوری خەڵکی کوردستان لەڕابردوو و ئێستادا دەوری پێکهێنان و هاوکاری و هەماهەنگییە لەناو هەموو هاونیشتمانیانی عیراقدا، بۆیە دەبێت پاداشتەکەی بەوە بدرێتەوە کەمافە رەواکانیشی بسەلمێنرێت و جارێکی کە تووشی ستەمی میللی و جیاوازی و فێڵ لێکردن نەیەتەوە.

من پێموایە لەم بیرەوەرییەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا پێویستە ئەم راستییە بزانین کە لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتنانەی بەدەستمانهێناوە، هێشتا

ماومانـه. یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان پێویسـتە چـاوێکی جـدی بـەخۆیدا بخشێنێتەوە، رێکخستنەکانی نوێبکاتـەوەو سـازیدات، خوێنـی تازەیـان تێبگـێڕێت، رووبکاتـە لاوان و ژنـانی کوردسـتان، زیـاتر لەجاران بایەخیان پێبدات و چاکتر دەستیان بگرێت بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانیان، پێویستە ئـەم راسـتییەمان لەبیرنـەچێت کەئێمـە لەسـەرەتاو ئێسـتاو هـەتا سـەریش هـێزی رەنجدەرانی بیروبازووی خەڵکی کوردستانین، هێزی ئەو کەسانەین کـە لـەڕۆژە رەشـەکاندا پشـتیوانمان بـوون، لەگـەڵمان بـوون، هـێزی خانووە قوڕەکانین پێش ئەوەی هێزی خانووە

قەسرو نوێکان بین، راستە وەکو نیشتمانی،
ئێمە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هێزی
هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانین و
لەپێناوی دەستکەوتی گشتی خەبات دەکەین،
بەڵام نابێت پێکهاتەی خۆمان لەبیربچێت و
نابێت لەبیرمان بچێت کێ لەناو کۆمەڵانی
خەڵکی کوردستان پێویستی بەیارمەتییە،
کەخزمەتگوزارییەك دەکەین پێویستە
لەهەژارەکانەوە، لەگەڕەکە دواکەوتووەکانەوە،
لەنەدارەکانەوە دەستپێبکەین، چونکە ئەوان
پێویستیان بەو جۆرە خزمەتگوزارییە زیاتر
هەیە لەکۆمەڵانی خەڵکی‌تر، لەخواپێداوان.

هەروەها پێویستە ئەم راستییەمان

لەبیرنەچێت کەئێمە هێزێکین لەسەرەتاوە هەوڵماندواوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی، باوەڕمان بەفرەحزبی هەبووە، ئێستاش دەبێت ئەم خەباتە بکەین بۆ ژیاندنەوەی جۆرێك لەبەرەیەکی کوردستانی، ئەمە کەشەرتێکی ئەساسییە بۆ یەکێتیی ریزەکانی خەڵکەکەمان، هەروەها بۆ جۆرێك لەیەك بەرەیی نیشتمانیی عیراقیش کەپێکبێت لەهێزە دیموکرات و ئیسلامی و هێزە پێشکەوتنخوازەکان بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و ڕێبەریکردنی رەوتی بەرەو پێشەوەچوونی عیراق.

ئەم ئەرکەش جارێکی تر کەوتووەتەوە

ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەتیایدا دەستپێشخەری بنوێنێت و فیداکاری پێویست بکات بەهاوکاری لەگەڵ برایانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبەکانی تری کوردستان.

واتە دەبێت هاوخەباتی و یەکێتیی ریزەکانی خۆمان، هەماهەنگیمان، هاریکاریمان لەگەڵ برایانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ برایانی حزبەکانی تر، بەتایبەتی پێنج حزبە یەکگرتووەکە بەهێز کەین، بەتین بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین یەکێتیی ریزەکانی خەڵکی کوردستان بپارێزین.

پێویستە ئەم بیرەوەرییە هاندەرێك بێت بۆ هەموو تێکۆشەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەبەگوڕتر، بە تەوژمتر، بەتواناتر، ژیرانەتر درێژە بەخەباتەکەیان بدەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان، هیچ نابێت وا تێبگەین و پاڵی لێبدەینەوە کەوا ئەوا ڕۆژی ڕزگارییەو بەئازادی و خۆشی لەکوردستان بەسەری دەبەین و هەموو ئیشێکمان تەواوبووە، نەخێر تەواو نەبووە و ماویەتی، پێویستە خەبات بکەین بۆ چەسپاندن و تەواوکردنیان.

دیارە لەم ڕۆژەدا نابێت ئەم ڕاستییەشمان لەبیربچێت کەشەهیدە سەروەرەکانمان چ

ئەندامانی سەرکردایەتی، چ کادیرەکان، چ ئەندامانی ریزەکانی خوارەوە، چ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، فیداکارییەکی گەلێك زۆریان کردووە بۆ بەدیهێنانی ئەم رۆژە، زۆر موبالەغە نییە ئەگەر بڵێم بەینی دوو سەدو پەنجا تا سێسەد هەزار هاونیشتمانی کوردستان گیانی پاکیان لەم خەباتەدا بەخت کردووە، چ ئەوانەی لەئەنفالە بەدناوەکەدا بەخوت وخۆڕایی سەرەو نگوم و زیندەبەچاڵ کران، چ ئەوانەی لەکیمیاباران و شەڕو پێکدادانەدا شەهیدکراون، هەموو ئەوانە رەچاوبکەین و بهێنینە بیری خۆمان، بایەخ

بەکەسوکاریان بدەین، هەوڵدەین ئەو مووچەو پێویستییانەی بۆیان دانراوە زیاترو باشتری بکەین، وا بکەین کەکەسوکاریان بەسەربەرزی بژین و موحتاج نەبن لەهیچ روویەکەوە، دەشێت هەندێك ئیمتیازیش بدەین بەکەسوکاری شەهیدان لەقوتابخانەکان و زانکۆکان و دائیرەکان و شوێنە جیاجیاکانی وڵاتەکەماندا، چونکە بەخوێنی گەشی باوك و براو کەسوکاری ئەوان لەگەڵ خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەمرۆژەمان بۆ هاتۆتەدی. لەکاتێکدا کەسەری رێزو ئیحترام دادانەوێنین بۆ شەهیدە نەمرەکانمان، پێویستە ئەو راستییەش بزانین کەچاکترین

وەفاداری بۆ ئەو شەهیدە نەمرانە درێژەپێدانی خەباتە بۆ بەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانیان بۆ ئەوەی گیانی پاکیان لەبەهەشتی نەمریدا بەسەربەرزی بحەسێتەوە، پێویستە هەوڵبدەین کەئێمە لەوڵاتەکەی خۆماندا ئەو ئەمن و ئاسایشەی هەیە بیپارێزین، کەدیارە لەلایەن ئەو تیرۆریست و کوردکوژە نۆکەری بێگانەو جاش و خائینەی کە بەخۆیان دەڵێن (ئەنسار ئیسلام) یان (ئەنسار سوننە) یان بەناوی ئیسلامیی توندڕەویی ئیش دەکەن، دەمێکە بوونەتە مایەی گێرەشێوێنی لەکوردستاندا، بەڵام شکور بۆ هێزی پێشمەرگەو هاوپەیمانان و

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەپشتیوانیی خوای گەورە توانرا زوو ناوچەی هەورامانیان لێ پاکبکرێتەوەو فڕێبدرێنە ئەودیوی سنوور، بەڵام پاشماوەکانیان هێشتا لەملاوئەولا هەوڵدەدەن بۆ نانەوەی ئاژاوەو تاوانی دڕندەی وەك ئەوەی لەجەژنی رابردوو لەهەولێر کردیان، بۆیە پێویستە زۆر وریابین و ئەو شەڕەی کەئەوان لەدژی میللەتەکەمان هەڵیانگیرساندووەو بەرپایانکردووە، وەریچەرخێنینەوە بۆ تەفروتووناکردنی ئەوان و لەناوبردنیان.

پێویسته ئەرکی بەگژداچوونەوەی ئیرهاب یەکێك بێت لەئەرکە پیرۆزەکانمان چ لەسەر ئاستی کوردستان و چ لەسەر ئاستی عیراق، چونکە بێ لەناوبردنی تیرۆریستەکان و بێ دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش، عیراقێکی دیموکراتی سەربەخۆی ئازادو بەختیارمان بۆ نایەتەدی، کەئەوەش نەهاتەدی، دیارە ئەوە رەنگدەداتەوە لەکوردستانی خۆشمان، کەئێستا ئێمە بەشێکین لەدەوڵەتی عیراق.

دیارە ئەم راستییەش دەبێت بزانین؛ کەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەرەتای

دامەزراندنییەوە تائیمڕۆ، گیانێکی لەخۆبووردن و فیداکاریی ئەوتۆی هێناوەتە ناو ریزەکانی خەباتی خەڵکی کوردستانەوە، کە لەسەرەتادا جێی سەرسووڕمان بوو، بەڵام وردە وردە بووەتە شتێکی رێکوپێك و تەقلیدو دەتوانم بڵێم؛ پرەنسیپی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەپێی توانا ش لەگەڵ برا کوردەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی دەستوەرداتە کاروباری ناوخۆیان، هاوکاریی و

هەماهەنگیی هـەبوو، هەرچـەندە هیـچ کـاتێك نــەمانگوتووەو هیـــچ کـــاتێك نامانــــەوێت کەکوێخایـــەتی کوردســـتانی عـــیراق بەســـەر بەشەکانی تری کوردستاندا بسـەپێنین، بەڵام بێگومـان هەمیشـەش هـاودەردو هاوخـەباتیان بووینـــەو ئەگـــەر لێیـــان قـــەومابێت و هانایـــان هێنـابێت بـــۆ کوردســـتانەکەی خۆیـــان، ئـــەوا داڵدەدراون و ڕێزیان لێگیراوە، ئەمەش یەکێکە لەنەریتـــــەکانی یــــــەکێتیی نیشـــــتمانیی کوردســـــتان، کەپێموایـــــە ئیمـــــڕۆ هـــــەموو سەرکەوتنێك کەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

بەدەستی دێنێت لەکوردستانی عیراق بەچاکی ڕەنگدەداتەوە لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا.

ئێمە بێگومان لایەنگری ئەوەین کەدۆستایەتیی چاکمان هەبێت لەگەڵ جیرانەکانمان، لەگەڵ جیرانەکانمان لەئێران، لەتورکیا، لەسوریا، هەمیشە هەوڵمانداوەو هەوڵیش دەدەین کەنێوانمان خۆش کەین و دەستوەرنەدەین لەکاروباری ئەم وڵاتانە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەروەکو ویستوومانە لەگەڵ حکومەتەکانی ئەم وڵاتانە دۆستایەتیی

بکەین، ویستوومانە لەگەڵ جیرانی ئەم وڵاتانەش هاوپەیمانو دۆستایەتییەك بکەین، گەلانی ئەم وڵاتانەش بەبەشە کوردییەکەشییەوە بەکوردەکانی ئەم وڵاتانەشەوە، بێ ئەوەی نیازمان بووبێت دەستوەردەینە کاروباری ناوخۆ یا هاندەرو تێکدەری ریزەکانی ئەم گەلە بین.

ئەمڕۆ راستییەك دێتە پێش چاوم، بەپێویستی دەزانم بۆ برا کوردەکانی کوردستانی تورکیا دووپاتی بکەمەوە؛ جاربەجار دێتە گوێمان، کەهەندێك کەس

هانی هەندێك خەڵكی كوردستانی توركیا دەدەن بۆ هەڵگیرساندنەوەی ئەوەی كەپێی دەڵێن شۆڕش و خەباتی چەكدار، ئێمە پێمان وایە لەم سەردەمەدا ڕێبازی سەرەكیی خەبات، خەباتی سیاسیی، جەماهیریی، دیپلۆماسیی، پەرلەمانیی، نەقابیی، هۆشیاریی، ڕاگەیاندن: ئیعلامییە.. ئەم سەردەمە، سەردەمی جیهانگیرییە، سەردەمێكە كەتێیدا لەم سات و كاتەی ئێستا باوی خەباتی پێشمەرگانەی چەكداریی لەشاخەوە بۆ شار زۆر كەمبووتەوەو دەتوانم

بڵێم؛ نەماوە.

هـــاندانی هەڵگیرســـاندنەوەی شـــەڕ لەکوردســـتانی تورکیـــا یـــان دژی حکومـــەتی تورکیا بۆنی خراپی لێدەکرێت، بۆنـی ئـەوەی لێدەکرێـت کـەڕێگربێت، کۆســپ بێـت لـەپێش ئـەو گەشـــەکردنی دیموکراتییـــەی کـــەتورکیا بـــەخۆوەی دەبینێـــت، کۆســـپ بێـــت لـــەپێش ئەوەی تورکیا بەرەو ئـەوروپا بچێـتو ببێتـە بەشـــێك لەئـــەوروپاو وردە وردە مافـــەکانی خەڵکی کوردستانیش بســـەلمێنێت. دەکرێـت ئەمـــە بەشۆڕشـــی چەواشـــە ناوبـــبرێت، نـــەك

بەشۆڕشــی رزگــاریی، بۆیــە هیوادارێــن رۆڵــە ژێرەکـانی خـەڵکی کوردسـتان نەکەونـە داوی ئەو پلانەوە کەبۆیان دانراوە، کەبکرێنە ئالـەت بــۆ پەککخســتنی پێشــکەوتنی دیموکراتــی لەتورکیا.

بەنیسبەت خەبات لەپێناوی ئەو ناوچانەی کــەوا نەخراونەتــە ســەر کۆمــەڵانی خــەڵکی کوردســتان، نەخراونەتــە ســـەر هـــەرێمی کوردسـتان، دیـارە ئـەویش شـێوەی خـەباتی خـۆی هەیە، شێوەی خـەباتێکی پشـوودرێژی شۆڕشــگێرانەی سیاســـی و ئیعلامـــی و

پەرلەمانیی هەیە، کەهیوادارین لەدەستووری داهاتووی عیراقدا ئەمەش بەتەواوی چارەسەر بکرێت و بەتەواوی شوێنەواری سیاسەتی پاکتاوی رەگەزیی بسڕدرێتەوەو ئاوارە کوردەکان بەتایبەتی ئاوارەکانی کەرکوك بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و هاوردەکانیش بەخۆشی بگەڕێندرێنەوە ئەو شوێنەی کەلێوەی هاتوون، وەزعی کەرکوك کەئەهەممیەتێکی گەورەی هەیە بۆ هەموو لایەکمان، ئاسایی بکرێتەوە، ئەو پارچە پارچەکردنەی کەرکوك کۆتایی پێبێت،

کەرکوک بێتەوە کەرکوکەکەی جاران، لیوای کەرکوک چۆن بووە ئاوەهای لێبێتەوە، ئەو بەشانەی کە بەزۆر خراونەتە سەر تکریتو بەعقوبەو سلێمانیو ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ کەرکوک خۆیو خەڵکی کەرکوک، کوردو تورکمانو عەرەبی رەسەن پێکەوە بەخۆشی بژینو هاوکاریی یەکتربنو شارەکە بەشاری خۆیان بزانن.

ئەم شارە، شارێکە دەکرێت ببێت بەنموونەی پێکەوەژیانی کوردو تورکمانو عەرەبی رەسەن کە لەدێرزەمانەوە هاتوونەتە

ناوچەی کەرکوك و لەوێ ژیاون، بۆیە دەکرێت ئێمە ئەم راستییە بڵێینەوە؛ کەئێمە هەرچەندە وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو راستییە مێژوویی و جوگرافییە دەسەلمێنین؛ کەکەرکوك کەوتووەتە ناو کوردستانەوە، بەڵام دیسان کەرکوك هەر بەتەنیا شاری کورد نییە، بەڵکو شاری کوردو تورکمان و عەرەبە رەسەنەکان و برا ئاشوورییەکانیشمانە، بۆیە دەبێت بەو چاوە تەماشای بکەین و هەوڵبدەین کە بەشێوەی ئاشتی و برایەتیی لەنێوان ئەم هێزانە گیروگرفتەکان چارەبکرێن.

ئیمڕۆ بەداخەوە هەندێك کاری تیرۆریستی ڕۆژ بەڕۆژ دەبینین لەکەرکوك، پێویستە بۆ ئەوە پلانێکی باش دابنرێتو هاوپەیمانان ئەو شتانەی پێویستە بۆ ئەمە بیکەین، ئێمە ئەم ڕاستییە دەبێت بڵێینەوە؛ کەهاوپەیمانان ئەگەر خۆیان ناتوانن ئەو کارە بکەن، ئێمە ئامادەین ئەو کارە بکەین. هێزە کوردستانییەکان ئامادەن ئەمنو ئاسایشی ناوچەی کەرکوك بەتەواوی دابین بکەنو لەڕەگوڕیشەوە تیرۆریستەکان هەڵکەنن، بۆیە ناکرێت هەتاسەر ئێمە ئاوا دەستەوەستان

بووەستین بەرامبەر ئەو ئیرهاب و ئەو کوشت و کوشتارەی لەکەرکوک دەکرێت، بەڵکو پێویستە هەرچی زووە ئەم حکومەتە تازەیەی عیراق و هەم هاوپەیمانان کاری پێویست بکەن بۆ بنبڕکردنی ئەم جۆرە کارە تیرۆریستییە یان بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بسپێرن.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەروەکو توانیی بەماوەیەکی کەم کەرکوک رزگار بکات، ئاوهاش دەتوانێت ئاشتی و ئاسایش بۆ کوردو تورکمان و عەرەبی رەسەن دابین بکات و نەیەڵێت ئەم شارە ببێتە مەیدانی تیرۆریستە

کوردکوژە خائینەکان، کە لەدەرەوەی ناوچەکەو لەدەرەوەی عیراقەوە هاتوون.

نەدەکرا ئەم راستییە نەڵێم، چونکە بەداخەوە لەم چەند رۆژانەی رابردووشدا چەند کاری تیرۆریستیی دڕندە لەکەرکوك کراوەو بووەتە هۆی ئەوەی کەنیگەرانیی لەناو هەموو خەڵکی کوردستاندا دروستبکات.

زۆر قسە هەیە لەبیرەوەریی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بیکەم، بەڵام نامەوێت زۆر سەری برایان و خوشکانی خۆمان بیەشێنم.. ئیکتیفا دەکەم بەوەی

کەبڵێم: یادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جەژنێکی نیشتمانییە، لەهەموو لایەکتان پیرۆزبێت و هیوادارم هەمووتان هەمیشە هەر شادو سەربەرزو سەرکەوتووبن.

27

له بلاوكراوه‌كانی

مه‌كته‌بی ناوه‌ندی ڕاگه‌یاندنی [redacted] ی.ن.ك